# کاتێک خەوتوون شەیتان سێ گرێ دەدات لە پشتی سەری هەریەکێکتان، ولە کاتی بەستنی هەر گرێیەک دەڵێت: بخەوە

لە ئەبی هوڕەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «کاتێک خەوتوون شەیتان سێ گرێ دەدات لە پشتی سەری هەریەکێکتان، ولە کاتی بەستنی هەر گرێیەک دەڵێت: بخەوە شەوێکی درێژت لە پێشدایە، ئەگەر هەستا ویادی خوای گەورەی کرد ئەوا گرێیەک دەکرێتەوە، ئەگەر دەستنوێژی گرت ئەوا گرێیەکی تر دەکرێتەوە، ئەگەر نوێژ بکات ئەوا هەموو گرێکان دەکرێنەوە، بۆیە ڕۆژی بەسەردا دێت بە دەروونێکی چالاك وپاك وئاسوودەوە، بەڵام ئەگەر وا نەکات (هەڵنەسێت بۆ نوێژ) ئەوا ڕۆژی بەسەردا دێت بە دەروونێکی پیس وناڕەحەت وتەمەڵەوە».

[سەحیح - ڕاست] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- حاڵی شەیتان ڕووندەکاتەوە وبەرەنگاربوونەوەی بەرامبەر ئەو مرۆڤەی دەیەوێت هەستێت بۆ شەونوێژ یان نوێژی بەیانی. ئیماندار ئەگەر بیەوێت بخەوێت ئەوا شەیتان سێ گرێ لە پشتی سەری دەدات. ئەگەر ئیماندار هەستێت ویادی الله بکات -سبحانه وتعالى- و وەڵامی وەسوەسەکانی شەیتان نەداتەوە؛ ئەوا گرێیەك دەکرێتەوە. دواتر کە دەستنوێژ دەگرێت؛ گرێیەکی تر دەکرێتەوە. پاشان ئەگەر هەستێت ونوێژ بکات؛ گرێی سێیەم دەکرێتەوە، وبەیانی بەسەردا دێت بە دەروونێکی پاك وچالاکەوە چونکە ئاسوودەیە بەوەی خوای گەورە هیدایەتی دا بۆ ئەنجامدانی پەرستن، وبە هیوای پاداشت ولێخۆشبوونی پەروەردگاریەتی، لەگەڵ نەمانی گرێ ویەکخستنی شەیتان، ئەگەرنا -هەڵنەسێت بۆ نوێژی بەیانی- ئەوا بەیانی بەسەردا دێت بە دەروونێکی پیسەوە، وتەمەڵە لەئاست کردنی خێر وچاکە؛ چونکە بەستراوەتەوە بە کۆت وزنجیری شەیتان، ودوورە لە پەروەردگاری میهرەبان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3731